ئاگرکی تر لە شقامی چل مەتری هەولێر کەوتەوە

شەوی پێنجشەممە جارێکی تر ئاگرێکی نوێ لە هەولێر لە بیانایەکی گەورەی دەیان نهەمی کە تازە دروستدەکرێت کەوتەتەوە و ئاگرەکە زیاتر لە چوار کاتژمێر بەردەوامە.

هێزەکانی بەرگری شارستانی هەولێر تیمەکانیان سەرقاڵی کوژاندنەوەی ئاگرەکەن و دوورخستنەوەی خەڵک و ئەو ئۆتۆمبیلانەی بە شقامی 40 مەتریدا تێدەپەڕن، بینا نوێکە زیاتر لە قەناغی تەختەو داردایە و نهەم بە نهەم ئاگرەکە لە نهەمەکانی سەرەوە بەرەو خوارەوە دەڕوات و لە باری پانیش فراوانتر دەبێت.

دوێنێ شەویش چەند ئاگرێکی گەورە لە ناوچەی گوێر لە کەگای چەند پاڵاوگەیەکی نا یاسایی کەوتەوە دوای 20 کاتژمێر ئاگرەکە کۆنترۆڵکراو، بەپێی لێدوانی شاخەوان سەعید وتەبژی بەرگری شارستانی هەولێر، "14 کارمەند و ئەندامی هێزەکانمان بریندار بوون، 10 کارمەندیش تووشی تێنگە نەفەسی بوون و چوار ئۆتۆمبێلی بەرگری شارستانیش سووتاون".

بەپێی ئامارەکانی بەرگری شارستانی لە پارێزگای هەولێر لە ماوەی پێنج مانگی رابردوودا 403 حاڵەتی

ئاگرکۆتنۆو رووویداو، 200 حاڵەتیان بەهۆی کارەباو بوو، 77 حاڵەتی کەمتەرخەمییەو بوو.